سودانی: قەبارەی بازرگانی نێوان عێراق و تورکیا گەیشتووەتە 20 ملیار دۆلار

ئەمڕۆ یەکشەممە"محەمەد شیاع سودانی"سەرۆک وەزیرانی عێراق،جەختیکردەوە کە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات 20 ملیار دۆلاری تێپەڕاندوەە و دەیانەوێت ئەو ئاڵوگۆڕە زیاتر بکەن

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران ،لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە : "محەمەد شیاع سودانی"سەرۆک وەزیران، بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی نیشتمانی، و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری سندوقی گەشەپێدانی عێراق، و ژمارەیەک ڕاوێژکار و باڵیۆزی کەماری تورکیا لە عێراق،پێشوازیی لە کەمەرەک بازرگان و سەرۆک و نوێنەری 17 کەمپانیای تورکی کردووە کە لە بوار و کەرتە جیاوازەکاندا کاردەکەن.

وەک لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە : لە میانی دیدارەکەدا، گفتوگۆ لەبارەی ڕەگاکانی پەرەپێدانی لێکتێگەیشتن و هاوکاری لە کەرتی ئاودا کرا، لە چوارچێوەی ڕەکەوتنی گشتیی هاوکاری لە دەسیەی ئاودا کە لە مانگی ئەیلولی 2024دا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، دوای واژەکردنی لایەن سەرۆک وەزیران و "ڕەجەب تەیب ئەردۆغان" سەرۆکی تورکیاوە.

 "سودانی " جەختی لە پەرەشیی حکومەت کردەوە بە "پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ کەمپانیا تورکییەکان، لەبەر ڕۆشنایی ئەو پەیوەندییە تایبەتیی نێوان هەردوو وڵات، کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا گەشەیەکی بەردەوامی بەخێوە بینیوە، بە پشتبەستن بە دید و ویستی سەرکردایەتیی هەردوو وڵات بە گرنگیی پەرەپێدانی پەیوەندی و هاوبەشیی دووقۆڵی، هەروەک دووپاتیشیکردەوە کە دەروازەی ئابووری و وەبەرهێنان و کار، یەکێکە لە گرنگترین پایەکانی هاوبەشی و پەرەپێدانی پەیوەندی و پتەوکردنی بەستنەوەی بازرگانی و ئابووری.

سەرەک وەزیران ڕاشیگەیاند : کە حکومەت پەرەش بە پشتیوانیکردنی ئەو یاسا و بڕیارانەی کە باشترین ژینگەی سەرنجڕاکێش بە وەبەرهێنان دابین دەکەن لە سایەی ئەم سەقامگیرییە بەرچاوەدا،و کاردەکات بە بەهێزکردنی ئامادەیی کەمپانیا تورکییەکان بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکانیان، بەهۆی ئەو ئامادەییە گەورەیەی کە لە عێراقدا هەیانە، لە کاتێکدا قەبارەی ئاوەڵگەی بازرگانیی نێوان هەردوو وڵات 20 ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە، لەو ڕوانگەیشەوە "سودانی " ئاماژەی بە بەردەوامی عێراق کرد لە پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان و ئەو دەرفەتانەی کە دەیەخسێنێت و هاوبەشیی نێوان عێراق و تورکیا و وڵاتانی تری ناوچەکە بەهێزتر دەکات.

هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەکە : لەلایەن خێوە، باڵیۆزی تورکیا پێزانینی خۆی بە هەوڵەکانی سەرەک وەزیران لە بەهێزکردن و پەرەپێدانی پەیوەندی و هاوبەشیی نێوان هەردوو وڵاتدا دەربڕی و جەختیشی کردەوە کە پەیوەندییەکە تەنها لایەنی سیاسی لەخۆناگرێت، بەڵکو هاوکاریی ئابووری و وەبەرهێنانیش بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان لە عێراقدا دەگرێتەوە.